# گفتوگۆ لەگەڵ بورهان أ. یاسین*

## دەربارەی چەن پرسێکی پەیوەندیدار بە رۆژهەڵاتی کوردستان و ئێرانەوە

٢٠٢١/١/١٤

تێبینی: پرسیاری یەکەم و دووەم بە شێوازی زارەکی (بە تەلەفۆن)، وە پرسیارەکای تر بە نووسین، لە رۆژهەڵاتی کوردستانەوە لە لایەن بەڕێزێکەوە (کە بە هۆی پاراستنی ژیانی ناوی ئەو بەڕێزە پارێزراوە) کراون. ئەمە تەنها وەڵامی بەشێک لە پرسیارەکانە، بە هیوای ئەوەی لە دەرفەتێکی دیکەدا پرسیارەکانی دیکەش وەڵام بدرێنەوە.

### پێشەکییێکی گشتی بەر لە وەڵامەکان

**بورهان أ. یاسین:** سوپاس بۆ پەیوەندییەکەتان هەروەها بۆ پرسیارەکانتان. جێگای دەستخۆشی و ستایشە کە بەم هەموو خەمخۆرییەوە چەند پرسیارێکی گرنگ و گەوهەریتان ئاراستەی بەندە کردووە.

راستییەکەی پرسیارەکان هەندێک زۆرن. جگە لەوەش هەر پرسیارێک بۆ خۆی چەند پرسیارێکی لێدەبێتەوە. بە هەر حاڵ، هەوڵ دەدەم بە پێی توانا و دەرفەت وەڵامیان بدەمەوە.

### سەرەتا دوو خاڵی گشتی، وەک خاڵی لێوەدەرچوون:

١- سەرەتا، باسی ئەوەت کردوە کە تۆ حیزبیی نیت و کەسێکی سەربەخۆیت. من پێم وایە ئەمە نەک هەر شتێکی باشە، بەڵکو بۆ ئەوەی ئێمە دوارۆژێکی باشترمان هەبێت دەبێ شێوازی کار و مێتودەکانی سیاسەتکردن بگۆڕین: بەندە پێم وایە بوونی کەس یا تاکی چالاک، کاتێک کە بە باوەڕێکی کوردایەتیی بەهێزەوە لەسەر پێی خۆی وەستابێ، نەک هەر خەراب نییە بەڵکو زۆریش باشە. هەڵوێستێکی ئەوها دەکرێ فشارێکی تەندروست و دروست بێت بۆ سەر حیزبەکان: ئێتر دەکرێ کەسەکان بە راشکاوی بڵێن ئێمە چیتر بەو ئاسانییە ناچینە ژێر باری حیزبایەتی؛ کوردایەتیش چیتر بە زەرورەت یەکسان نییە، یا گرێدراو نییە، بە حیزبایەتی و حیزبیبوونەوە. . . نەک هەر ئەوە، بەڵکو بەندە باوەڕم وایە کە دەکرێ لە دەرەوەی چوارچێوەی حیزب و حیزبایەتیدا "کورایەتی" نوێ بکرێتەوە، واتە

ئەوەی من پێم وتووە "**پرۆژەی نوێبوونەوەی کوردایەتی**" دەکرێ، یا تەنانەت باشتریشە، **پرۆژەی دەرەوەی حیزبە سیاسییەکان بێت**. . . تەنانەت دەکرێ، حیزب لە کاتی کلاسیکیبوون و نەریتیبونیدا، ڕێگریش بێت لەبەردەم ئەو نوێبوونەوەیە؛ هەروەک چۆن کاتی خۆی بۆ ساڵانێکی زۆر لە بری ئەوەی کەنیسەی کاسۆلیکی خۆی ئامراز و ماکینەی نوێبوونەوەی مەسیحییەت بێت، تەواو بە پێچەوانەوە ئەم کەنیسەیە ڕێک ببووە بەربەستێکی سەرسەختی ریفۆرم و نوێبوونەوە!

واتە گرنگە کەسەکان (تاکەکانی کۆمەڵگا) بتوانن بەهێزە سیاسییەکان بڵێن: ئیتر ئەو کاتە بەسەرچوو کە حیزبە سیاسییەکان "**شوناسی نیشتمانپەروەری**" بە خەڵکی ببەخشن؛ تەنانەت من پێم وایە ئەوە "کەسە داهێنەر و بەهێزەکانن" کە دەتوانن، لە دەرەوەی حیزبی سیاسی، پێوەری نیشتمانیبوون یا پێچەوانەکەی بۆ هێزە سیاسییەکان دیاریبکەن، نەک پێچەوانەکەی. . . لە ڕاستیدا یەکێک لە توخمە هەرە بنچینەییەکانی ریفۆرمی دینی لە جیهانی ڕۆژئاوا (کە ئیتر دواتر بە هاتنە کایەی کەنیسەی پرۆتستانتی تەواو بوو) ئەوەبوو کە "ئیتر تاکی مەسیحی پێویستی بە نێوەندگیر (لە شێوازی پیاوە ئاینییەکان – قەشە و پاپاو. . . هتد) نیە بۆ ئەوەی ئەم تاکە مەسیحییە دەستی بە خوا بگات: مرۆڤی مەسیحی **بێ ناوەندگیر** دەتوانێ ڕاستەوخۆ دەستی بە خوا بگات. . ." **بە هەمان پێوەر جوانترین، پاکترین وە تەندروسترین دەستگەیشتنی مرۆڤی کورد بە کوردایەتی و شانازییەکانی ئەو دەستگەیشتنەیە کە ڕاستەوخۆ، بەبێ ناوەندگیری سەرکردەکان، دێتە دی.**

بە هەمان پێوەر، گرنگە لە دەرەوەی چوارچێوەی حیزبەکان **کۆمەڵگەیەکی مەدەنی چالاک، چاوکراوە، سەربەخۆ و گەوهەریی** هەبێت، کە لەسەر پێی خۆی وەستابێت و "**پانتاییەکی ڕاستەقینەی سەربەخۆی**" بەرامبەر بە حیزبە سیاسییەکان و کۆمەڵگەی سیاسی بەدەست هێنابێت. بۆ نموونە بوونی بزاڤێکی ڕاستەقینەی فێمینیستی پێداویستییەکی حاشاهەڵنەگرە و واش باشە ئەم بزاڤە فێمینیستییە تەواو سەربەخۆ بێت، نەک بارمتەی دەستی حیزب بێت یا بۆی نەبێت لە ژێر سێبەر و هەژموونی حیزب دەربچێت! لەولاشەوە، گرنگە ئەوە بڵێین کە چالاکوانی فێمینیست دەتوانێ لە هەمان کاتدا هەڵگری دوو خەمی گەورە بێت؛ **خەمی نیشتمان و خەمێکی تایبەتیش بە ڕەگەز و توێژی ئافرەت وە پێویستە لە نێوان ئەو دوو خەمەدا یەکانگیربوون ببینرێ نەک دژایەتی**. . .؛

٢) پێشتر ئەوەم وتووە کە من وا هەست دەکەم، تەنانەت شتەکانیش وا دەخوێنمەوە، کە ڕۆژی "ڕێنێسانس و نوێبوونەوەی کوردایەتی" دەکرێ ئەم جارەیان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە سەر دەربێنێت. دەکرێ ئێرە دەرفەتی هەرە گونجاو نەبێت بۆ زیاتر قسە

کردن لەسەر ئەم خاڵە، بەڵام دەمێکە هێماکانی ئەو ڕێنێسانسە لە ڕۆژهەڵات دەبینم! بەڵام جارێکی دیکەش دەیڵێمەوە، گرنگە کەسەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ ئەو ڕێنێسانسە چاوەڕوانی حیزبە سیاسییەکان نەبن. تاکە کەسێک (تۆ بڵێ "مارتن لۆتەرێک"ی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان) بە هزری نوێکاریی و هەندێک **پرسیاری بوێر و گەوهەرییەوە دەتوانێ ببێ بە سەرمەشقی ئەو ڕێنێسانسە!** دواجار مارتن لۆتەریش تاکەکەسێک بوو، بەڵام توانی دیانەت و جیهانبینی مەسیحییەت سەروژێر بکات و شتێک بەرهەم بهێنێت کە دواجار، بە قسەی ماکس وێبەر (بیرمەند و سۆسیۆلۆگی ئەڵمانی)، هەر ئەو شتە ببێ بە "ڕۆحی" شۆڕشی کاپیتاڵیستی و بۆرژوا، بە تایبەتی لە جیهانی ڕۆژئاوادا. . .

کاتێک حیزبی کوردی وەک کەنیسەی لێهاتووە و لە حاڵەتی بەنجکراویدا دەژێ و لە زەمەن جێماوە (یا دەکرێ ڕاستتر بێت بڵێین لە دوو زەمەنی جیاوازدا دەژێت، یەکێکیان ئەو زەمەنەی کە تیایدا بەرهەمهاتووە وە ئەوەی دیکەشیان زەمەنی هەنووکە و حاڵی حازرە). ئەو زەمەنەی تیایدا بەرهەمهاتووە لە ڕووی زەمەنییەوە هی ٧٠/٦٠ یا ٥٠/٤٠ ساڵ بەر لە ئێستایە وە لەبەر ئەوەشە کە هەرچەندە ئەم حیزبە لە ئێستادا دەژێ بەڵام هێشتان هەر ئەسیری ئەو جیهانبینییەیە کە هی ئەوێ ڕۆژییە، نەک هی زەمەنی ئێستامان! کەواتە دەبێ گومانیشمان هەبێ کە خودی ئەو حیزبە بە هەموو ئەو حاڵەتی بەنجکراوی و ئەسیربوونە بۆ ڕابردوو بتوانێ ببێ بە سەرمەشقی ڕێنێسانس و نوێبوونەوە ڕوو لە داهاتوو! نا، تەنانەت ڕاسترە بڵێین حیزبەکان بەگشتی، هەر وەک وترا، **وەک کەنیسەیان لێهاتووە و بوون بە ڕێگر لەبەردەم نوێبوونەوە و ڕێنێسانسی ڕاستەقینە!**

---

# پرسیارەکان و هەوڵی وەڵامدانەوەیان:

## پرسیاری یەکەم:

لە سەرەتای پرسیارەکەتدا باسی ئەوە دەکەیت کە ئێران لە ژێر گەمارۆدایە و بارودۆخی خەڵک خەرابە و . . . هتد.

جارێ سەرەتا، حەز دەکەم لەسەر ئەم پێشەکیەت قسەیەک بکەم: من پێم وایە کێشەی سەرەکی ئێران **گەمارۆ نییە**، تەنانەت دەکرێ گەمارۆ دەرەنجام (یا وەک عەرەب دەڵێ تەحسیل حاسڵ) بێت بۆ شتێکی دیکە. بە لای منەوە بۆ خوێندنەوەیەکی دروستی کێشەکانی

ئێران پێویستە ئەو شتە بە جددی وەربگرین و هەڵوێستەی لەسەر بکەین کە گەمارۆ ئەنجامی **خەون و وەهم** و **"زهنیەتی" ئیمپراتۆریی دەسەڵاتدارانی ئێرانە**. لە ئێستادا ئەم دەستەبژێرەی ئێران ئاخوندەکانن و ئامرازی ئایدیۆلۆژی لەم خەون و زهنیەتی ئیمپراتۆرییەی ئەم دەستەبژێرەش "شیعیزمە".

تەنانەت ئەگەر پانتایی قسەکردنمان فراوانتر بکەین ئەوا دەکرێ بە ئاسانی ئەوە بڵێین کە یەکێک لە کێشەکانی ئەمڕۆی ڕۆژهەڵاتی ناوین گەڕانەوە و سەرهەڵدانەوەی سیستمی ئیمپراتۆرییە: کەواتە قسەکە چەندە بۆ ئێران ڕاستە، بۆ تورکیاش دەکرێ ئەوەندە ڕاست بێت. بە واتایەکی دیکە، ئەمڕۆ دوو هێزی داگیرکاری کوردستان (ئێران و تورکیا) سیاسەت لە ژێر کاریگەریی وەهمی "ژیاندنەوەی" ئیمپراتۆری و بەرپاکردنی سیستمێکی لەو جۆرە دەکەن: پەلوپۆ دەهاوێژن، فراوانخوازی دەکەن و ململانێ لە پێناو هەژموونیدا دەکەن و . . . هتد. ئەوەشی کە پێویستە کورد بە گرنگییەوە لێی بڕوانین و لەبەرامبەریدا بۆچوونی کوردستانیانەی خۆی هەبێت ئەوەیە کە گەڕانەوەی وڵاتێک (جا ئێران بێت یا تورکیا) بۆ "نەزم" یا سیستمی ئیمپراتۆری چەند کێشە بۆ سەروەری وڵاتانی دەوروبەری ئەو دوو وڵاتە دروست دەکات، بە هەمان ڕاددەش کێشە بۆ سەروەری خودی خۆی و شوناسی خۆی (وەک دەوڵەتێکی مۆدێرن و نەتەوەیەکی مۆدێرن) دروست دەکات. هەڵبەتە جێگای ئاماژەیە کە ئەم بۆچوونەم هەرنەبێ لە ٨/٧ ساڵی دواییدا هێناوەتە دەنگ. تێبینی بکە تەنها نزیکەی سێ مانگ پێش ئێستا دوو ڕاگەیاندراو، یەکێکیان هی قسەکەر بە ناوی سیاسەتی دەرەوەی یەکێتی ئەوروپا و ئەوەی دیکەیان هی سەرۆکی فەرەنسا ماکرۆن کە هەردووکیان پێیان وایە ئەوەی تورکیا دەیکات "زیندوکردنەوەی ئیمپراتۆرییە"، کە ئەمەش جێگای قەبوڵکردن نییە (واتە بۆ ئەکێتی ئەوروپا و فەرەنسا جێگای قەبوڵ نییە).

با بگەڕێینەوە سەر بابەتی ئێران. لە خەونی ئیمپراتۆری ئێراندا: ١) ئێران ئابووری خۆی **بە بارێکی قورس بار کردووە**. دە یا پانزە ساڵێک بەر لە ئێستا، زۆر کەس، تەنانەت هەندێک شارەزاش، پێیان وابوو ئیتر ئێران سەرکەوتو بوو لە سەپاندنی هەژموونی خۆی و ئیتر ئەو وڵاتە چۆک بە هەمووان دادەدات لە ئاراستەی بەرژەوەندی و خواستەکانی خۆی وە جیهانی ڕۆژئاواش زوو یا درەنگ ئەو ڕاستییە قەبوڵ دەکات. بەڵام دوایی دەرکەوت کە ئەمە بۆچوونێکی دروست نەبوو: ئەمڕۆ ئێران وەک "دەوڵەت-نەتەوە" چیتر ناتوانێ باری قورس و پڕ کێشەی "بە ئیمپراتۆرییبوون" بە ئاسانی هەڵگرێ.

لە مێژوودا خەسلەتی هەرە بەرچاو و گەوهەریی ئیمپراتۆرییەکان ئەوە بووە کە ماوەیەک بەهێز دەرکەوتوون، وەک ئەوەی توانیبێتیان چۆک بە هەمووواندا بدەن، بەڵام

دواتر، وەک مێژوونووسی بواری دەوڵەتی عوسمانی و تورکیا –ئێریک زەرشەر– دەڵێ: فروان بوون و فراوانخوازی ئیمپراتۆری لە سەرەتادا وەک هێمای هێز دەردەکەوێ، بەڵام دواتر هەر هەمان ئەو فراوانبوونە دەبێتە "کارخانەی بەرهەمهێنانی شکست، پاشەکشێ و لەناوچوونی ئیمپراتۆرییەکە خۆی". . . بە باوەڕی من لە داهاتوودا، زوو یا درەنگ، بە ئەگەری زۆر ئێران دەبێتە قوربانی ئەم هەمووە لە حەزی فرانخوازی و هەژموونخوازییە: ئێران بووەتە **ئەسیری حاڵەتی زهنییەت** و **وەهمی ئیمپراتۆری**، هەر ئەو حاڵەتی ئەسیربوونەشە **ناوەوە** و **دەرەوەی** پڕ کێشە و قەیراناوی ئێران بە یەکەوە دەبەستێتەوە: ئاخر گرنگە ئێمە تێبینی ئەوە بکەین کە لە خۆپیشاندانەکانی پێشتردا (کەم یا زۆر بەر لە دوو ساڵێک) دەنگی ناڕەزایی خۆپیشاندەران ئەو گوزارەشە بوو کە دەیوت: ئێمە ئێرانییەکان لە "**ناوەوە**" برسیین، بەڵام ئێوەی دەسەڵاتدار لە "**دەرەوە**" (بە تایبەتی لە سوریا و لوبنان) ملیارەها دۆلار خەرج دەکەن لە پشتگیری ئەسەد و حیزبوڵلا. . .!

لای من هیچ گومانێک نییە کە ژیاندنەوەی ئیمپراتۆرییەکان (ئیمپراتۆری شیعیزمی ئێرانی و ئیمپراتۆری عوسمانیی نوێ) لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەبێتە ئەو ڕەگەز و فاکتەرە "ئایدیۆلۆژی–سیاسی–کۆمەڵاتییە" کە دواجار، زوو یا درەنگ، بنەماکانی دەوڵەت–نەتەوە لە ناوچە هەڵدەتەکێنێ و ناوچە دەگێڕێتەوە بۆ زیاتر لە سەد ساڵ زیاتر بەر لە ئێستا (تۆ بڵێ بەر لە جەنگی یەکەمی جیهانی): ئەو کاتەی هێشتان سیستمی ئیمپراتۆری باڵا دەست بوو.

جارێکی دیکە دەیڵێمەوە، دەبێ کورد ئەم تەوژم و ئاراستەی خواستی زیندووکردنەوەی ئیمپراتۆری بە هەند وەرگرێ، بە باشی لێی تێ بگا و تەنانەت کاری زیاتری "مەعریفی–سیاسی–ئایدیۆلۆژیشی" لەسەر بکا. . . ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەر لە ١٠٠ ساڵ بە کۆست و ئێش و ژانی لەدایکبوونی دەوڵەت–نەتەوە دەستی پێکرد، ئەمڕۆ دوای سەد ساڵ، ئەم دەوڵەت–نەتەوەیە لە قەیرانێکی قوڵی (ئایدیۆلۆژی–سیاسی–کۆمەڵاتی)دایە: **جێگای بایەخ و سەرنجە کە ١٠٠ ساڵ بەر لە ئێستا ناوچەکە بە پەڕینەوە لە ئیمپراتۆری بۆ دەوڵەت–نەتەوە دەستی پێکرد، بەڵام ئەمڕۆ دوای ١٠٠ ساڵ ناوچەکە بە توندی دەگەڕێنرێتەوە بۆ چوارەی گۆشەی ژمارە یەک، چوارگۆشەی سیستمی ئیمپراتۆری!**

هەڵبەتە کاتێک، هەر لە پێشەکی پرسیارەکەتدا، باسی دوو "شاخەی" دەسەڵاتی ئێران، یا پانتایی سیاسی لە ئێران دەکەی لە شێوازی "ریفۆرمخواز" و "نەریتخواز" گرنگە ئەوە بڵێین کە ئەم شێوازە لە تێگەیشتنی ئەنەتۆمیی **سیستمی سیاسی ئێران** شتێکی تازە نییە، بەڵکو هەر لە سەرەتاوە ئەوها بووە، بەڵام لەگەڵ تێپەڕبوونی کات ئەم ئەنەتۆمییە ڕۆچووە و

قوڵ و فراوانتر بووە، بەڵام لە لایەکی دیکەشەوە پەردەی لەسەر لاچووە و لە ئێستاشدا ئەنەتۆمییەکە بۆ زۆربەمان دیار و ئاشکرایە! ئەمە، یا حاڵەتی ئەو "دوو شاخەبوونە"، لە ئەدەبیاتی زانسی سیاسی و سوسیۆلۆژیای سیاسیدا وەک **دەوڵەتی هاوتەریب** ناوزەد کراوە: لە راستیدا بوونی دوو دانە دەوڵەتی هاوتەریب (**دەوڵەتی شۆڕشگێر** revolutionary state لە لایەک وە **دەوڵەتی نەریتیی** raditional state لە لایەکی دیکەوە) هەر یەکەیان بە دامەزراوەی خۆیان، بە ئابووری تایبەت بە خۆیان و تەنانەت هەر یەکەیان دیپلۆماسی و هێڵی سیاسی تایبەت بە خۆیان. . . بە هەر حاڵ، ئەوەی زۆر گرنگە بیزانین ئەوەیە کە هەردوو (دەوڵەتە هاوتەریبەکە) هەتا ئێستاش لە چوارچێوەی رژێمدا بوونیان هەیە: ئەم دوو شاخەیە (یا راستتر بڵێین ئەم دوو دەوڵەتە لە یەک دەوڵەتی هاوتەریبدا) وەک داشی دامە وان، بە رۆژ یەکتر دەخۆن و یەکتری قووت دەدەن، بەڵام بە شەویش لە ناو هەمان قوتولەدا کۆدەبنەوە و "کۆکدەبنەوە"! بەڵام ئەم گەمە نەهاتووە بۆ ئەوەی بە ئەزەلی بمێنێتەوە: دەکرێ ئەم گەمەیە لە حاڵەتی قەیرانێکی زۆر جددیدا کۆتایی پێ بێت و ململانێکە بچێتە ئاستی "بوون یا نەبوونی" هەر یەک لەو دوو "دەوڵەتە" لەو دەوڵەتە هاوتەریبەدا و چیتریش داشەکانی دامە توانای کۆکبوون و کۆبوونەوەیان لەناو هەمان قوتولەدا نەمێنێت! کۆتاییێکی ئەوها دەکرێ ببێ بە هۆی کۆتایی تەواوی سیستم.

## پرسیاری دووەم:

لە بەشێکی پرسیارەکەتدا، دەپرسیت: ئایا کورد بەشداری لە خۆپیشاندان دژی رژێمی ئایەتوڵلاکان بکات یا نا؟ لە راستیدا وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە زۆر ئاسان نییە وە دەکرێ لە هەر حاڵەت و دۆخێکی تایبەت بڕیار و ئاراستەی لەبار و گونجاو بەو حاڵەت و دۆخە تایبەتە وەربگیرێ.

ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە پێویستە خۆپیشاندان لە حاڵەتیکی "رووتی" هەڵچوونی هەست و نەست و دەربڕینی تورەییکی "ناعەقڵانی" ببرێتە ئاستی باس و خواسە تاکتیکی و ستراتیژییەکان. . . لە هەموو حاڵەتیکدا دەبێ خۆپیشاندان نەبێتە گەمەی **یا سەد لە سەد یا سفر!** لە ئەوەی من پێم وتووە حاڵەت و هاوکێشەی ("ماتماتیکی سیاسەت") لە نێوان سەد لە لایەک وە سفر لە لایەکی دیکەوە، زۆر ژمارە هەن وە هەڵبژاردنی سیاسییانەی هەر ژمارەیەک لە نێوان سەد و سفردا، وەک بژاردەی تاکتیکی یا ستراتیژی، وابەستەی حەز و هەست ونەست نییە، بەڵکو دەرەنجامی هەڵسەنگاندنێکی ورد و هەمە لایەنی "هاوسەنگیی هێزە": لە زمانی فەلسەفەی سیاسیدا رەوایەتی (شەرعییەت) و حەقانییەت بێ پاڵپشتی "هێز"

دەکرێ کاریسەی لێ بکەویتەوە. ئەوە بەس نییە کە تۆ لەسەر حەق بیت، بەڵکو دەبێ بپرسیت ئایا من خاوەنی چەند هێز و توانستم بۆ ئەوەی ئەم "حەققانییەتە" بسەلمێنم و بەرگری لێ بکەم: ریفراندۆمەکەی باشووری کوردستان لە ٢٠١٧دا وەک نموونەیەکی زۆر روون: ئەوەندەی مەسعود بارزانی بەنجکراوی هەست و نەست و "بلّقی سەر ئاوی گەرمی" هەڵچوون بوو، ئەوەندە خەمی هەڵسەنگاندنێکی وردەکارانەی هێز و توانست لە لایەک و سیناریۆ و ئەگەرەکان لە لایەکی دیکە نەبوو!

زۆریش گرنگە کە کورد خۆی **نەکاتە سەرمەشقی** خۆپیشاندانێک و دواتر "غەزەبی تۆڵەسەندنەوە" بەر کورد خۆی بکەوێ، بەڵام لەولاشەوە، لە تەهران، خەڵکانێکی دیکە بەرهەمی ئەم خۆپیشاندانانە بدورنەوە و کەسانێک لە تەهران بێنە سەر حوکم و رۆژی دواتریش هەر ئەو کەسانە دەست بە چەوساندنەوە و بێدەنگکردنی کورد بکەنەوە. . . **دواجار رژێم لە ناوەندەوە دەگۆڕی نەک لە رۆخ.**

لە بەشێکی دیکە لە پرسیارەکەتدا باسی سێ ئەلتارنەتیڤ، یا سیناریۆ، دەکەی: ١) بە چەک؛ ٢) پارچە پارچەکردنی ئێران؛ یا ٣) کورد دەوڵەتی "هاوتەریب" لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێران دروست بکات و دوایی "بیپەرێنێتەوە" ناوەوەی رۆژهەڵاتی ئێران.

**لێرەدا هەوڵ دەدەم ئەم سێ خاڵە، هەندێک فراوانتر، شەن و کەو بکەم:**

### ١) بە چەک:

با زۆر راشکاو بم لەگەڵتا: کورد لە ١٩٧٩وە لە رۆژهەڵاتی وڵات چەکی بە شانەوەیە، بەڵام لەو هەموو ماوەیەدا کە، کەم یا زۆر، ٤٢ ساڵ دەکات کورد نەیتوانی "بە زەبری هێز" دەروازەیەک لە دیواری "ئاسنینی" دەوڵەتی ئێراندا بکاتەوە. با راشکاوتر بیڵێم: ئەو زەربە جەرگبڕەی کە رژێمی ئێران بەر لە، کەم یا زۆر، دوو ساڵ، **لە ماوەی چەند خولەکێکدا**، لە هێزە سیاسییە کوردییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستانی دا، بە تایبەتی لە دیمۆکرات لە ناوچەی کۆیە، لەو هەموو ٤٢ ساڵەدا "جونبشی موسەللەحانەی" رۆژهەڵات نەیتوانییوە زەربەیەکی بەم قەوارەیە لە رژێمی ئێرانی بدات! واتە کە تۆ لە ماوەی ٤٢ ساڵدا بە قەد ئەو زیانەی ئەو لە ماوەی چەند خولەکێک بە تۆی گەیاند، بەڵام تۆ لە ماوەی ئەو هەموو ساڵانە نەتتوانی زیانێکیی ئەوهای پێ بگەیەنیت، ئەمە دەبێ ئەو سەرکردانە راچڵەکێنێ کە ئێستاش، لە زەمەنێکی دیکە و شەرایتێکی دیکەدا، هێشتان هەر باوەڕیان بە زەبری چەکە.

ئەوە بە مانای ئەوە نییە کە لە "چرکەساتێکدا" چەک لە داهاتوودا، وە لە بارودۆخێکی زۆر تایبەتیدا، وەک ئەوەی لە باشوور دوای ١٩٩١ روویدا، بە کەڵک نەیەت. بەڵام دیسانیش

ئەو کاتە هێزی چەک بە کەڵک دێت بە مەرجێک لە **چوارچێوەی پڕۆژەیەکی نیشتمانیدا** ئەو هێزی چەکدارییە ڕێک خرابێت، ئەگەر نا هەر ئەو چەکە و ئەو هێزە چەکدارییە، هەر وەک لە باشووری، دەبێتە کێشە و، کورد وتەنی، دەبێ بە بەڵا بۆ خەڵک: ئاخر لە باشوور ئەو هێزە چەکدارییەی بە شاخەوە خۆی بە هێزی ڕزگاری و ئازادیخوازیی لە قەڵەم دەدا، ئەوەتا ئێستا بۆتە میلیشیا، پاسەوانی سیستمێکی گەندەڵ دەکات و هەر ئەو هێزە ئازادیخوازەش جورئەت دەکات گوولە بنێ بە ناوچەوانی ئەو گەنجە خوێن گەرمانەی لە سلێمانی، هەڵەبجە، هەولێر و بادینان دێنە سەر جادە و **داوای هەمان ئەو ئازادییە دەکەن کە دوێنێ هەمان ئەو "بە ناو هێزە ئازادیخوازاییە" خەباتی بۆ دەکرد!**

دەرەنجام: بە ڕاشکاوی دەڵێم من خۆشبین نیم کە سبەینێ هێزە چەکبەدەستەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە شەو و ڕۆژێکدا ببن بە لەشکری نیشتمانی کوردستان. ئاخر هەر ڕۆژهەڵاتییێک بۆی هەیە بپرسێ ئایا بە ڕاستی ئەوە چییە وایکردووە کە لە ماوەی ئەو ٤٢ ساڵەدا ئەم هێزە چەکدارانە لەشکرێکی ئازادیخوازیی نیشتمانی دروست نەکەن؟ ئەوە ٣٠ ساڵە لە باشوور نەک هەر هێزەکان یەک نەخراون، بەڵکو تەنانەت چەند مانگێک بەر لە ئێستا (لە ساڵی ٢٠٢٠دا) لە سەر چەند بستێکی خاک لە "زینی وەرتێ" هێزەکانی پارتی و یەکێتی خەریک بوو جارێکی دیکە دەرگای جەهەنەممی براکوژی، کوردکوژی و خۆکوژی بکەنەوە!؛ ئایا بۆ ناکرێ ئەوەی ئەمڕۆ لە باشوری کوردستان ڕوودەدات سبەینێش لە ڕۆژهەڵاتێکی ئازاددا ڕووبدات و دووبارە ببێتە؟

پێویستە کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ئێستاوە مشوری ئەوە بخۆن کە لە داهاتوودا، ئەگەر دەرفەتێکی هاوشێوەی باشور هاتە پێشێ، ئەوا پێویستە حیزبە سیاسییەکان دەسەڵاتی ڕەهایان نەبێت، بەڵکو پێویستە کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی کوردستان **پارسەنگێکی بەهێز** لە کۆمەڵگای مەدەنی دەرەوەی حیزبەکان و کەسە ئازاد و سەربەخۆکان دروست بکات بۆ ئەوەی بە هێزە سیاسییەکان بڵێن نا، بوەستن، وا نابێت و بڵێن تا ئێرە و بەس. جگە لەوەش دەکرێ هەر زوو خەڵکە نیشتمانپەروەر و سەربەخۆکان و کۆمەڵگەی مەدەنی پڕۆژەی جێگرەوە (بەدیل)یان هەبێت و . . . هتد.؛

## ٢) سیناریۆی پارچە پارچەکردنی ئێران:

من باوەڕم وایە بەبێ ئەوەی کورد زۆر خۆی ماندو کردبێ، لە حاڵەتی کەوتنی ئێران سیناریۆیی پەرت بوون و دابەشبوونی وڵاتەکە زۆر ئەگەرێکی بەهێزە، تەنانەت دەکرێ بڵێین بەهێزترین ئەگەر و سیناریۆیە. من زۆر جار کە باسی ئێران و حاڵەتی فرەنەتەوەیی

لەو وڵاتە دێتە گۆڕێ، تێگەیشتن و پێشبینیم، لە دۆخی ئەو وڵاتە، وەک **یۆگسلافیای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست** دەخەمەڕوو.

لە سەد ساڵی ڕابردوودا ئێران دوو دانە پڕۆژەی ئایدیۆلۆژی تاقی کردۆتەوە و ئەزموونی کردوون (ئاریانیزمی پەهلەوییەکان و شیعیزمی ئایەتوڵڵاکان) هەردووکیشیان سەرکەوتوو نەبوون لە بەرهەمهێنانی ئێرانێکی یەکبوو و بەهێز، کە تیایدا شوناسێکی توکمەی یەکبوو بەرهەم بێت کە جێگرەوەی فرەیی نەتەوەیی بێت: هەردوو پڕۆژەکە نەیانتوانی شتێکی وا بکەن کە بنەماکانی سیاسەت و کۆمەڵگەی ئیمپراتۆری بەبێ گرفت لەگەڵ سیاسەت و بنەما کۆمەڵایەتییەکانی دەوڵەت-نەتەوە بسازێن. . .!

بێنە پێش چاوی خۆت، چۆن دوای جەنگی دووەمی جیهانی ئازەرییەکان و کوردەکان، لە شێوازی دوو کۆماردا، هەوڵی "سەربەخۆییان" دا. لە ئێستاشدا عەرەب و بەلوچەکانیش پۆتانسیاڵی جیابوونەوەیان تیادا بەهێزە، لە ڕاستیدا تەنانەت دەتوانم بڵێم خواستی جیابوونەوە لەناو بەلوچ و عەرەب بەهێزتریشە بە بەراورد بە ئەو خواستی جیابوونەوەیەی کە لە ناو کورددا، هەر نەبێ بە ڕواڵەت، بەدی دەکرێ. . .

بە هەر حاڵ، ئەوەی زۆر گرنگە ئەوەیە کە بیرۆکەی جیابوونەوە و پارچەکردنی ئێران، نابێ تەنها ڕەنگدانەوەی هەندێک هەست و نەست و ڕقی "نەتەوەیی" و تۆڵەسەندنەوە بێت، بەڵکو دەبێ ڕەنگدانەوەی خوێندنەوە و تێگەیشتنێکی فرەلایەن و قوڵ و عەقڵانیی بێت. . .

لەم بارەیەوە دەمەوێ بە ڕاشکاوی بڵێم کە من، یەکسەر دوای کەوتنی ڕژێمی سەددام و داڕمانی دەوڵەتی عێراق، لایەنگری ئەوە بووم کە کورد وا بە ئاسانی **نەچێتە ژێر باری دروستکردنەوەی عێراق!**

بۆ ئەو مەبەستەش هەر ڕۆژی دوای کەوتنی سەددام و ڕۆژی دواتر لە دوو نامەدا بۆ سەرکردایەتی یەکێتی و پارتی ئەو ئاگاداریەم بە ڕوونی داوە پێیان کە **"کورد نابێت دەوڵەتێک دروست بکاتەوە کە دواجار بچێ لە هەمان دەوڵەت داوای مافەکانی بکات"** (بۆ بینینی نامەکان تکایە تەماشای بەشی بەڵگەنامەکان لە ماڵپەڕی کەسییم *www.burhanyassin.com* بکە). یەکێکیش لە بەهانە بەهێزەکانی ئەو بۆچوونەم ئەوە بوو کە لە داهاتوودا دەکرێ "عێراقی نوێ" و "عێراقی دیموکراتی" ببێ بە "عێراقی زۆرینەی دیکتاتۆریی نەتەوەی سەردەست." هەر ئەو ئەزموونەشە وا دەکات کە دەبێ خەڵک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان زۆر ئاگاداری ئەو مەسەلەیە بن. بە واتایەکی دیکە، **لە بری ئەوەی "دیموکراسی" ببێتە ئامرازی چارەسەری کێشەی کورد ببێ بە ئامرازی بەرهەمهێنانی "دیکتاتۆریەتی زۆرینە،" واتە دکتاتۆریەتی زۆرینەی نەتەوەی سەردەست** (فارس و بە

**فارسکراو)**! ئاخر تەماشا بکە ئەمە چەند جارە پەرلەمانی عێراق یاسای مەترسیدار و دژ بە کورد دەردەکەن، بەبێ گوێدانە ئیرادە و بەرژەوەندییەکانی کورد. دواترینیشیان ئەو یاسایە بوو کە دەربارەی بە قەرز پڕکردنەوەی کورتهێنان بوو کە پەرلەمانی عێراق بە زۆرینەی عەرەبی لە کۆتایی ساڵی رابردوو دەریکرد، هەڵبەتە بەبێ گوێدانە ناڕەزاییەتەکانی کورد.

## ٣) لە پرسیارەکەتدا باسی ئەلتەرنەتیڤ یا سیناریۆی ئەوە دەکەیت کە کورد دەوڵەتی "هاوتەریب" لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێران دروست بکات و دوایی "بیپەڕێنێتەوە" ناوەوەی رۆژهەڵاتی کوردستان.

لە راستیدا ئەم بابەتە لەسەر وەستانی زۆری پێویستە. بە هەر حاڵ بەو شێوەیەی تۆ بیرت لێ کردۆتەوە، واتە سەرەتا لە دەرەوە دەوڵەتی هاوتەریب بێتە بەرهەم و دواتر لە سنوورەوە ئەو ئەزموونە ببرێتە ناوەوەی سنوور، واتە بۆ ناو رۆژهەڵاتی کوردستان، کارێکی زۆر پڕ کێشەیە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەی زۆر گرنگە ئەوەیە کە تۆ دەکرێ، بەر لەوەی بوبیت بە دەوڵەت، بە زهنیەتی دەوڵەت و دەوڵەتداری بیربکەیتەوە، هەنگاوە کردارییەکان ئەوها بن وەک ئەوەی دەرفەتی دەوڵەتبوون و دەوڵەتداری لەبەر دەرگاتە: سبەینێ لە خەو هەڵدەستی و دەرفەتی بوون بە دەوڵەت لەبەر دەمتە، رێک وەک ئەزموونی جولەکە لە فەلەستین. ئەوان ئەزموونێکی زۆر سەرکەوتویان لە "دەوڵەتی هاوتەریب" یا بە زمانی عیبری "ییشوڤ" هەیە و بەرهەمی ئەو ئەزموونەش ئەوە بوو، هەر وەک جێیمس بیڵ و رۆبەرت سپرینگبۆرگ (لە کتێبی *Politics in the Middle East*) دەڵێن، کاتێ لە فەلەستین دەوڵەتی ئیسرائیل لە ١٩٤٨ راگەیاندرا، پرۆسەی بونیادنانی دەوڵەت هەر زوو پێشتر کامڵ کرابوو و کۆتایی هاتبوو، تەنها راگەیاندن و پێزانینی نێودەوڵەتیی مابوو. . .

لە بەرامبەردا کاتێک مرۆڤ بەردەوام ئەسیری بیری خودموختاری بوو ناتوانێ لە پڕێکا، بە شەو و رۆژێک، ببێ بە **دەوڵەتمەدار** و **دەوڵەتساز**، رێک ئەمە یەکێک بووە لە کێشەکانی دەسەڵاتی کوردی لە باشوری کوردستان دوای کەوتنی رژێمی سەددام! ئاخر رێک ئەم حاڵەتە روویدا: کاتێک ٢٠٠٣ ئەو دەرفەتە بۆ کورد لە باشور رێک کەوت سەرانی کورد، بە تایبەتی ئەندازیارانی نووسینەوەی دەستوری ئێراق (مام جەلال، مەسعود بارزانی، نەوشیروان مستەفا و. . . هتد)، ئەوها چوون بۆ بەغدا "**وەک ئەوەی بچن بۆ گفتوگۆ و دانوستاندن دەربارەی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان**." هەر لەبەر ئەوەشە کورد لە دوای کەوتنی رژێمی سەددام نەیتوانی شتێکی زیاتر لە "رێکەوتنی" ١١ی ئاداری ١٩٧٠ بە دەست بهێنێت:

ئاخر هەر وەک چۆن لە ڕێککەوتنی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ ڕژێمی ئەو کاتەی عێراق سەرکەوتوو بوو لە دواخستنی یەکلاکردنەوەی پرسی کەرک (بە گشتیش ناوچە دابڕێنراوەکان) و سنوور و زۆر پرسی ستراتیژی دیکە، ڕێک هەر ئەوهاش لایەنی عەرەبی لە "عێراقی نوێ" و "عێراقی دیمۆکراتیدا" سەرکەوتوو بوون لە دواخستنی چارەسەری هەمان ئەو پرسانە! لە ڕاستیدا ئەمە یەکێکە لە پارادۆکسە هەرە گەورەکانی مێژووی مۆدێرنی بزاڤی سیاسی لە باشوری کوردستان وە پێویستیی بە لێکۆڵینەوەی زیاتر هەیە. ئاخر چۆن دەکرێ چارەسەری کێشەی کورد ٣٥ ساڵ دوای ڕێککەوتنی ١١ی ئاداری ١٩٧٠، واتە چارەسەرەکە نوێکە بە پێی دەستوری هەمیشەیی عێراق ٢٠٠٥، هەر هەمان چارەسەری ٣٥ ساڵ پێشتر بێت لە کێشەی کورد؟ من پێم وایە ئەم بابەتە لە مێتودێکی بەراوردکاریدا پێداویستییێکی حاشاهەڵنەگرە و بێگومان توێژینەوەیەکی ئەوهاش زۆر بە سوود دەبێت!

ئاخر کاتێک کورد چووە بەغدا ساڵانێک بوو بەنج بوبوو بە "سیحری" دروشمی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان و دیمۆکراتی بۆ عێراق، بەڵام بێئاگا لەوەی "عێراقی دیمۆکراتی" دەکرێ ببێتە "دیکتاتۆریەتی زۆرینەی نەتەوەی سەردەست"؛ واتە بە جوانی دەرکەوت کە ئەو شتەی کورد لە ماوەی، کەم یا زۆر، ٦٠ ساڵی پێشوودا (واتە پێس ڕووخانی ڕژێمی سەددام) شەڕی بۆ دەکرد، واتە دیمۆکراسی بۆ عێراق، بەڵام هەمان "دیمۆکراسی" بوو بە چەکێک لە دەستی نەتەوەی سەردەستدا بۆ ئەوەی نەتەوەی سەردەست بە هەمان ئامراز (واتە بە میکانیزمی دیمۆکراسی) ئیرادەی خۆی لەسەر کورد بسەپێنێ. . . ئاخر هەموومان بیرمانە کاتێک حەوت ساڵ بەر لە ئێستا حکومەتی عەبادی لە چرکەساتی دروستبووندا بوو عەبادی بە گروپی پەرلەمانیی کوردی لە پەرلەمانی عێراقی وت ئێوە تەنها ٢٠ خولەکتان لەبەر دەمە: دێنە ژوورەوە باشە ئەگەرنا ئێمە ("ئێمەی عەرەبی سوننە و شیعە") دەتوانین بەبێ کوردیش حکومەت پێک بهێنین و بەو پێیەش دەبێ ئێوەی کورد ئەوە قەبوڵ بکەن کە لە دەرەوەی حکومەت بمێننەوە. . .

ئاخر هەر ئەم ئەزموونە ناسەرکەوتووە (واتە بەشداری لە دامەزراندنەوەی دەوڵەتی عێراق) بوو کە ساڵی ٢٠١٧ لە کاتی کەمپینی ڕیفراندۆمدا مەسعود بارزانی لە دوو بۆنەی جیادا وتی "ئێمە هەڵە بووین کاتێک بەر لە ١٣ ساڵ چووینەوە بەغدا". . . ئەم سەربوردەیە زۆر گرنگە وەک ئەزموون کەڵکی لێ وەربگیرێ و وانەی گرنگی لێ هەڵێنجرێ. ئێرەش دەرفەتە بڵێم، کە من هەر زوو لە وتارێکمدا کە بە دوو بەش لە ڕۆژنامەی **هاوڵاتی** (ژمارەکانی ١٣٧ و ١٣٨ ساڵی ٢٠٠٣)دا بە ناونیشانی "لە ڕیفراندۆمدا کوردستانێکی

سەربەخۆ" بە روونی و بە وردی باسی مەترسی ئەوە دەکەم کە دەکرێ **زۆرینەیەکی دیمۆکراتی**، بە تایبەتی لە ژینگەی کولتوریی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستاد، ببێتە "**زۆرینەی دکتاتۆری**،" زۆر بە تایبەتی کاتێک ململانێکان لە بابەتی بەرژەوەندی گروپ و توێژە کۆمەڵایەتییە جیا جیاکان هەڵدەکشێن بۆ ئاستی "**ململانێی نەتەوەیی**." بۆ خوێندنەوەی وتارەکە، تکایە بڕوانە: *http://burhanyassin.com/Le%20rifrandemda..PDF*

دەبێ هەر ئێرەش بکەم بە دەرفەت و بڵێم کە لەو هەموو ساڵانەدا، واتە لە ٢٠٠٥وە سەرکردە کوردەکان بەردەوام باسی ئەوەیان کردووە کە لە سەرەتاوە پرەنسیپی سازان (تەوافوق consensus) بە پێی دەستور ڕێککەوتنی لەسەر کراوە و هەر ئەو پرەنسیپی سازانەش لە **زۆرینەی زۆرەملێیی ستەمی** نەتەوەی سەردەست دەمانپارێزی. لە راستیدا ئەمە ناڕاستگۆییەکی گەورە بووە کە سەرکردەکان بەرامبەر بە گەلی کورد لە باشوری کوردستان کردوویانە: راستییەکەی پرەنسیپی تەوافوق بە یەک دانە وشەش نەکراوە بە پرەنسیپ لە دەستوری هەمیشەیی عێراقدا و تەنانەت لە دەرەوەی دەستوریش ڕێککەوتنێکی سیاسی نووسراویش لەو بارەیەوە نییە، کە ڕێککەوتنێکی ئەوهای نووسراویش هەر لە سەرەتادا پێویست بوو (وەک بۆ نموونە ئەوەی لوبنان لە ساڵی ١٩٤٣وە بە دوو دانە بەڵگەنامە بەڕێوە بەبرێت: دەستور لە لایەک وە میساقی نیشتمانی). ئەوەی کە هەبووە لە سەرەتادا بۆ رەواندنەوەی نیگەرانییەکانی لایەنی کوردی، لایەنی عەرەبی بە تایبەت شیعە تەنها "بە زارەکی" باسیان لە پرەنسیپی تەوافوق کردووە و زیاتر نا. راستی و دروستی ئەو مێژووە ئەوەیە کە لایەنی عەرەبی، زۆر بە تایبەتی لایەنی شیعی، هەرگیز رازینەبوون سێ پرەنسیپ بە هیچ شێوەیەک (راستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ) لە دەستوردا جێگایان بکرێتەوە کە ئەوانیش **تەوافوق؛ مافی چارەی خۆنوسین و مافی ئەنجامدانی ریفراندۆم** بوون: واتە دەرەنجام، بە چڕی و بە کورتی، هەر لە سەرەتای دامەزرانەوەی عێراق نەتەوەی سەردەستی زۆرینە توانی **کورد بە بارمتە بگرێت** لە رێگای قەبوڵنەکردنی ئەو سێ پرەنسیپە و هێشتنەوەی کێشەی ناوچە دابڕێنراوەکان (بە تایبەتی کەرکوک) بێ چارەسەر! لە راستیدا ئەمانە وانە و ئەزموونی مێژوویی زۆر گرنگن بۆ کوردانی رۆژهەڵات، بە تایبەتی بۆ حاڵەتی ئەو چرکەساتەی کە تیایدا ئێران دووچاری داڕمانێکی هاوشێوەی عێراق دەبێتەوە.

**هەڵبەتە** دیوێکی دیکەی ئەم قسانەم ئەوەیە کە **تا ئەو رۆژەی تۆ لە ژێر هەژموون و کاریگەریی** "خودموختاری بۆ کوردستان و دیمۆکراسی بۆ ئێران" بیر بکەیتەوە و

بەنجبوويت و "مەستی" "سیحری" ئەو دروشمە بیت، ناتوانیت ببیت بە خاوەنی زهنیەت و جیهانبینی دەوڵەتسازی و بەدەوڵەتبوون. . . ئاخر گرنگە ئێمە ئەو پیداگرییە بکەین کە کەسێکی هەڵگری باوەڕی ئۆتۆنۆمی کەسایەتیەکە لە ڕەهەندەکانی سایکۆلۆژی، کەلتوری و سۆسیۆلۆژی و فەلسەفەی سیاسییەوە کەسایەتیەکی تەواو جیوازە لەو کەسایەتییەی کە هەڵگری بیر و باوەڕی سەربەخۆییە، وەک چارەسەر بۆ کێشەی نەتەوەیی لە هەموو ئەو ڕەهەندانەوە (سایکۆلۆژی، کەلتوری، سۆسیۆلۆژی و فەلسەفەی سیاسییەوە) جیاوازترە لە هی ئۆتۆنۆمیخواز. . . بەڵام، دەکرێ لە هەمان کاتدا پرسیاری ئەوەش بکەین ئایا ناکرێ کەسایەتییێک لە هەمان کاتدا وە لە پێکهاتەیەکی دایەلەکتیکیدا، لە کورت مەودادا، هەڵگری جیهانبینیی و فەلسەفەی سیاسی ئۆتۆنۆمی بێت، بەڵام لە دوور مەودا هەڵگری جیهانبینی دەوڵەتی سەربەخۆ بێت؟ ئەم پرسیارە زۆر گرنگە و پێویستی بە دەرفەتی زیاترە بۆ قسە لەسەر کردن، کە بە داخەوە لێرەدا ئەو کاتەم لەبەر دەست نییە بۆ قسەکردن لەسەر ئەم بابەتە.

## پرسیاری سێهەم:

ئایا پارچە گەرایی (واتە پەیوەست بوون بە سنوورەکان) بۆ هەر کام لە حیزب و خەڵک چۆن هەڵدەسەنگێنن ؟!

ڕوونتر بڵێین ئایا خەڵکی هەر پارچەیەک تەنیا دەبێ بیر و هزر و توانا و کاری خۆی بۆ تاقە پارچەی خۆی دابنێ و کات و توانا و هێزی خۆی بۆ شرۆڤە و ڕاوێژی بابەتە سیاسییەکانی پارچەکانی دیکە بەکار نەبات ؟!

ئایا ئێمە دەتوانین بڵەین کە ئێمەی کورد نەتەوەیەکی کولتوورین یا تەنانەت نەگەیشتووینە ئەو ئاستە لە نەتەوەبوون؟!؟

وەڵام:

جێگای سەرنجە ئەوەی تا ئێستا ڕوویداوە زیاتر پارچەپارچەبوون بە خەباتی هێزە سیاسییە کوردستانییەکانەوە دیار بووە، نەک هەر لە مەسەلەی دابەشبوونی کوردستان بۆ "چوار" پارچە، بەڵکو تەنانەت لە ناو هەر پارچەیەکی کوردستانیش، پارچەبوون، پەرتبوون و تەنانەت ململانێی نێوان هێزە سیاسییەکان حاڵەتێکی هەرە باو و باڵادەستە. لەم بارەیەشەوە دەمەوێ بە جەختکردنەوە بڵێم کە مەترسیدارترین

وە زیانبەخشترین پارچەبوون هی پارچەبوونی جوگرافی نییە، هی پارچەبوونی **زیهنییە**. تەنانەت لە باشوری کوردستان ئەمڕۆ بە جوانی دەردەکەوێ کە هەردوو شێواز لە دابەشبوون یەکانگیربوون: دابەشبوونەکە بە روونی جوگرافی و ئیداری و زهنییە لە نێوان دوو ناوچەی قەلەمڕەویی پارتی و یەکێتی!

نەک هەر ئەوە، بەڵکو لە هەندێک کاتیشدا بۆ ئەوەی جولانەوەی چەکداری لە بەشێکی دیاریکراوی کوردستان بتوانێ لەسەر پێ بوەستێ و ئیدامە پەیدا بکات، تەنانەت خیانەتی لە پارچەکانی دیکەش کردووە. هەڵبەتە ئەمەش لە رێگای دەست تێکەڵاوکردن لەگەڵ داگیرکارێکی دیکە، یا لە هەمان کاتدا دوو داگیرکاری دیکە (وەک چۆن بۆ نموونە لە ١٩٨٠کان بزاڤی چەکداری لە باشوری کوردستان لە هەمان کاتدا پشتی بە دوو رژێمی داگیرکار –ئێران و سوریا- بەستبوو). ئەم شێوازە لە "کەلتوری سیاسی،" واتە تۆ ناتوانیت لە جوگرافیای سیاسی ناهەمواری کوردستاندا (وەک وڵاتێکی داخراو)، خەباتی چەکداری بکەیت بەبێ یارمەتی دەرەکی، واتە یارمەتی وڵاتێکی دیکەی داگیرکار. ئەم کەلتورە سیاسییە بە رادەی یەکەم لە "داهێنانی" جوڵانەوەی چەکداری لە باشوری کوردستانە، کاتێک لە سەرەتای ١٩٦٠کانی سەدەی رابردو ئەم بزاڤە شای ئێرانی کرد بە فریادڕەس و تەنانەت دواتر "کۆدی" تەواوی بزاڤەکەی تەسلیم بە ئەو کرد. ئەم حاڵەتە لەوە دەرچووە کە چیتر وەک رووداوی یەکجار و یەک مەقتەعی زەمەنی کورت ببینرێ، بەلکو **وابەستەیی بە داگیرکارێکی دیکە** بۆ "بە حیساب" رزگاربوون لە داگیرکارێکی دیکە بووە بە **دیاردە**، بووە بە شێوەیەک لە کەلتوری سیاسی و زهنیەت وە تەنانەت لە ئێستاشدا بەردەوامی هەیە.

بە مانایەکی دیکە، وابەستەیی بە داگیرکارێکی دیکەوە لە دوێنێی شاخدا بەشێک بوو لە "پێداویستییەکانی" خەباتی چەکداری، بەڵام ئایا دوای دابەزین لەو شاخە و گرتنە دەستی دەسەڵات لە باشوری کوردستان لە ١٩٩٢ کۆتایی بەو وابەستەییە هاتووە. بێگومان نەخێر: دوێنێ بۆ بەردەوامیدان **بە خەباتی چەکداری و زامنکردنی پێداویستییەکانی ئەو خەباتە هەر لە پێداویستی لۆجیستی** و . . . هتد، بەڵام دوای دامەزراندنی دەسەڵاتی کورد ئەو "وابەستەییە" بە شێوازێکی دیکە بەردەوام بووە.

لە راستیدا دەتوانین دوو دانە وابەستەیی: هی هێزێکیان (یەکێتی نیشتمانی) بە تایبەتی بە ئێرانەوە، ئەوەی دیکەشیان هی پارتی دیمۆکراتی کوردستان بە تورکیاوە،

که دواجار هەر ئەم وابەستەییەش ئامرازێکی دیکەی دابەشبوونی باشوری کوردستانە بۆ دوو زۆن: زۆنی یەکێتی-ئێران وە زۆنی پارتی-تورکیا. . .

زۆر بە بە تایبەتی وابەستەیی پارتی لە رێگای دۆسیەی مەترسیداری نەوتەوە بەرجەستبووە، دۆسیەیەک کە لە ئێستادا (بە تایبەتی روو لە داهاتوو) بووەتە هەرەشەی هەرە گەورە لەسەر قەوارەی سیاسی لە باشوری کوردستان. من پێشتریش وتومە، لە رێگای دۆسیەی نەوتەوە بنەماڵەیەکی دیاریکراو لە کوردستان **کۆدەکانی دەسەڵاتی کوردییان** لە باشور رادەستی ئەنقەرە کردووە: ئەمڕۆ دەتوانین بە ئاسانی بڵێین وەک چۆن لە (١٩٦٠)ەکانی سەدەی رابردوو تا ١٩٧٥ کۆدەکانی بزاڤی کورد لە باشور لە رێگای مەلا مستەفای بارزانییەوە رادەستی شای ئێران کرابوون، هەر ئەوهاش لە ساڵانی دواییدا کور و نەوەکانی بارزانی کۆدی دەسەڵاتی کوردیی و چارەنووسی ئەو دەسەڵاتەیان رادەستی ئەنکەرە کردووە: وەک چۆن ئەو کاتە تەهران رێگر بوو لە هاتنەکایەی ئاشتی لە نێوان کورد و بەغداد، ئێستاش ئەنکەرە رێک ئەو رێگریە دەکات لە نێوان بەغداد و هەولێر: ئەمڕۆ کێشەی هەولێر و بەغدا لەسەر چەند و چۆنی ناردنە دەرەوەی نەوت و ژمارەی بەرمیلە بەرهەمهێنراوەکانی و نرخی هەر بەرمیلێک نییە، بەڵکو کێشەکە لەوە زیاترە، قوڵتر و مەترسیدارترە. رێک وەک چۆن ئەو کاتە لە تەهرانەوە بڕیار دەدرا ئاراستە و بژاردە سیاسییەکانی کورد بەرامبەر بە بەغدا چی بن، هەر ئەوهاش ئەمڕۆ هەولێر بە ئاسانی ناتوانێ لەگەڵ بەغدا رێک بکەوێ چونکە کۆد و سەرەداوی بڕیاری کۆتایی لە ئەنکەرەیە، نەک لە هەولێر!

جگە لەمە، بەڵام هەر گرێدراو بەم مەسەلەیەوە، ئەمڕۆ کاریگەریی تورکیا ئاشکرایە لەسەر هەڵسوکەوتی دەسەڵاتی پارتی دیموکراتی کوردستان روو لە ئەزموونی رۆژئاوای کوردستان و باکوری کوردستان، بە تایبەتی پەکەکە: تورکیا و پارتی لەم دوو دۆسیەیەدا لە هەمان "خەندەقدان." بەم مانایەش تورکیا بۆ پارتی نەک هەر لە بابەتی رێکەوتن لەگەڵ بەغدا گرنگە، بەڵکو بۆ بابەتی پیادەکردنی چ جۆرە سیاسەتێکیش بەرامبەر بە باکور و رۆئاوای کوردستانیش گرنگە، هەڵبەتە پێچەوانەکەشی هەر راستە. کاتێکیش ئەمە سیاسەتی لایەنێکی سیاسی بێت ئەو لایەکە ناتوانێت بە ئاسانی بەشێک بێت لە کۆ و یەکبوونێکی کوردستانیی فراواندا: لە راستیدا

نەک هەر "کۆی کوردستانی گەورە،" بەڵکو لە کۆیەکیشدا کە تەواوی پانتایی سیاسی و ئیداری باشوری کوردستانیشی گرتبێتە خۆ. لەم هەڵسوکەوتەدا نەک هەر بەشێک (واتە باشوری کوردستان)، بەڵکو لەو بەشەش زۆر کەمتر، بەرژەوەندییەکانی هێزێکی سیاسی و ماڵباتێکی دەستڕۆیشتو، گرنگ و گەوهەریترە.

پرسیارەکەی تۆ گرنگە، چونکە دەست دەخاتە سەر مەسەلەیەکی گەوهەری ئەویش **پەیوەندی هەر بەشێکە بە گشتێکی فراوانتر** و گەورەترەوە، واتە پەیوەندی بەشێکی کوردستانە بە کوردستانی گەورەوە.

من پێم وایە ئەم مەسەلەیە یەکێکە لە رێکخستنی، یا تەنانەت یەککردنی، دژایەتییەکان لە ناو ناسیۆنالیزمی کوردیدا. ناسیۆنالیزمی کوردی (تۆ بڵێ کوردایەتی) وەک زۆرێک لە ناسیۆنالیزمەکانی ئەم جیهانە پڕیەتی لە دژایەتی، ئەم دژایەتییانە دەتوانن کۆمەڵایەتی، ئۆلی، ئایدیۆلۆژی، لەسەر بنەمای رەگەز، فرە ئاینزایی، فرە زاراوەیی، لادێ و شار، ململانێی نەوەکان، فرە ئەندێشەی سیاسی، بەرژەوەندییە چینایەتییە دژ بە یەکەکان، دابەشبوون لەسەر بنەمای جەندەر و. . . هتد، بن. بەڵام ئەوەی زۆر تایبەتە بە دۆخی **کوردایەتییەوە** ئەو دابەشبوونەی کوردستانی گەورەیە کە جولانەوە سیاسییەکان لە بەشە جیا جیاکانی کوردستان دەخاتە سێ حاڵەتی جیوازی پەیوەندی بە یەکترەوە: ١) یا ئەوەتا براقەکان لە پارچە جیوازەکانی کوردستان **پشتگیری یەکترن**؛ ٢) یا ئەوەتا **بێلایەنن لە بەرامبەر یەکتردا**؛ ٣) یا ئەوەتا **زیان بەیەکتر دەگەیێنن**، بە تایبەتی لە ئاکامی وابەستەیی بە داگیرکارێکی دیکەوە. . .
من پێم وایە تا ئێستا پەیوەندی پارچەکان لەگەڵ یەکتردا هەرسێ شێوازی بەخۆوە دیوە، بە پێی کات، شوێن و تایبەتیبوونی ئەو هێزە سیاسییەی باسی دەکەین، بەڵام زیاتر لە وشێوازی ٣دا بەرجەستە بووە وە زۆر بە دەگمەن توانیویەتی شێوازی یەکەم ئەزموون بکات. . . زۆر جاریش روویداوە هێزێکی سیاسی تا سەر یەسقان وابەستەی داگیرکارانە، وە ئێستاش هەر وایە، بەڵام بە رواڵەت رۆژانە دروشمی یەکێتی نەتەوەیی دەدا بە گوێی خەڵکدا!

هەڵبەتە ئاشکراشە ئەگەر کورد چاوی لەوەبێ خەباتەکەی لەسەر ئاراستەی یەکەم (لە سەرەوە) جۆش بدات و رێکی بخات، ئەوا بە دڵنیاییەوە بەر لە هەموو شت

پێویست دەکات کۆتایی بە وابەستەیی بە داگیرکار بهێنێ: تۆ ناکرێ لە لایەکەوە وابەستەییەکەت تا سەر یەسقان لە بەرژەوەندی داگیرکاراندا بێت؛ بەڵام لەولاشەوە داوای یەکێتی نەتەوەیی بکەیت و باسی رزگاریی نەتەوەیی لە ئاستی کوردستانی گەورەدا بکەیت؟ ئاخر زۆر سەیرە تەسەور بکرێت کە رێگای رزگاری کوردستان بە ئامراز و وێستگەی **وابەستەیی بە داگیرکاردا** بڕوات! کاتێکیش ئێمە وشەی "**وابەستەیی**" بەکار دەهێنین، ئەوا دەبێ دڵنیابین کە وابەستەیی زۆر جار گەیشتۆتە ئاستی **خیانەت** لە گەل و نیشتمان لە پێناو مانەوەی "خۆی،" واتە مانەوەی جوڵانەوە چەکدارییە بە ناو "رزگاریخوازەکە" یا حیزبەکە. تەنانەت ئێمە دەبێ دوورتریش بڕۆین بۆ ئەوەی باشتر لە مەترسی ئەو "وابەستەییە" کوشندەیە بگەین: کاتێک وابەستەیی دەبێ بە خیانەت، بەڵام لایەنە کوردییە خیانەتکارەکە نەک هەر نایسەلمێنێ کە خیانەتی کردووە، بەڵکو تەنانەت شانازیش بە خیانەتەکەی خۆیەوە دەکات. ئەمە رێک لە حاڵەتی هێنانی لەشکری ئەنفال و کیمیابارانی هەڵەبجە لە ٣١ی ئابی ١٩٩٦دا روویدا: پارتی بە شانازیەوە ئەم رووداوەی کرد بە خاڵێکی پڕشنگدار، نەک هەر لە مێژووی خۆیدا بەڵکو دەخوازێ ئەمە شانازی بێت بۆ هەموو کورد، نەک خاڵێکی رەش کە دواجار هەوڵی جددی بدات بۆ سڕینەوەی ئەو پەڵەیە لە لاپەڕەکانی مێژوو.

لە راستیدا، هەر وەک ئاماژەی پێدرا، هەر کاتێک بەرپرسانی پارتی باسی ٣١ی ئابی ١٩٩٦ دەکەن، زیاتر وەک شانازی باسی دەکەن، تا هەر شتێکی دیکە!

لایەنێکی پرسیارەکەت دەربارەی ئامرازە بەکارهاتووەکانە لە سازدانی نەتەوە: نەک هەر نەتەوەی سیاسی، بەڵکو تەنانەت نەتەوەی کەلتورییش.

بۆ وەڵامێکی گونجاوی ئەم بەشەی پرسیارەکەت پێویستە ئەو جەدەلە ئەکادیمییە ساغبکەینەوە لە نێوان دوو بۆچوونی جیاوازدا: ١) نەتەوە حاڵەتێکی مێژووییە کە بەرجەستە دەبێت لە دەرەوەی ئیرادەی تاکەکانی ئەو نەتەوەیە: واتە نەتەوە حاڵەتێکی پێدراوی بەڵگەنەویستە. . . ٢) لە بەرامبەردا، بۆچوونێک هەیە دەخوازێ بڵێ نەخێر نەتەوە پرۆسەیەکی کۆسازی و کۆمەڵگاسازییە و شێوازێکە لە ئەندازیاریی کۆمەڵایەتی (social engineering) یا راستر بڵێین بونیادسازیی کۆمەڵایەتی (social construction).

دیارە ئەو لە ئەو ئەزمونانەی کە بواری بونیادسازیی نەتەوەدا (بە مانا سیاسییەکەی وە هەروەها دەوڵەت-نەتەوە) هەن، جەختێکی زۆر لەسەر گرنگیی زمان و مێژوو کراوەتەوە، وە لە کاتی بەدەستهێنانی دەسەلاتی نیشتمانیشیدا، لە زۆربەی هەرە زۆری ئەزموونەکاندا، جەخت لەسەر "پەروەردە و فێرکردن،" وە لە وێشدا بە تایبەتی بابەتە مرۆیی و کۆمەڵایەتییەکان، کراوەتەوە.

بەڵام ئەگەر لە رووی کۆمەڵایەتییەکەی نەتەوەسازییەوە لە پڕۆسەکە بڕوانین، وا هەست دەکەم، وە تەنانەت لەو باوەڕەشدام، کە باشترین، تەندروسترین و دیمۆکراتیترین شێوازی نەتەوەسازی ئەوەیە کە ئەو نەتەوەسازییە لەسەر بنەمای "یەکبوونی دژایەتییەکان" بونیادنرابێ: لادی و شار؛ زمان و زاراوە؛ پێگەی پارێزراوی نێر و مێ (واتە لەسەر بنەمای جێندەر)؛ دار و نەدار؛ ئۆلی و دونیایی؛ گرنگیی بوونی تاک و تاکگەرایی لە لایەک و کۆمەڵ و کۆگەرایی لە لایەکی دیکەوە (واتە تا بکرێ وردکردنەوەی کۆمەڵگا لەسەر ئاستی تاک، بەڵام لەولاشەوە کۆیەکی نیشتمانی-نەتەوەیی توکمە)؛ نەوەی کۆن و نەوەی نوێ؛ چینە کۆمەڵایەتییەکان کە هەڵگری بەرژەوەندی دژ بەیەکن؛ هاوسەنگی لە نێوان مێژوو و داهاتوو؛ دینی و عەلمانی و . . . هتد.

لە ئەزموونەکانی پێشودا، بە تایبەتی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هەندێک ئەزموون هەن کە هەوڵیان داوە دژایەتییەکانی ناو نەتەوە بە زۆری زۆرداری بسڕنەوە وە یا سەرسەختانە ئینکاری بوونی ئەو دژایەتییانە بکەن، لە ئاکامدا بەرهەمەکەی بووە بە نەتەوسازییێکی فاشیستانە. دوو نموونەی دیار لە مێژووی مۆدێرنی رۆژهەڵات ئەزموونی حیزبی بەعس لە جیهانی عەرەبی و ئەزموونی کەمالیزمە لە تورکیا. لە راستیدا تەنانەت لە لێکۆڵینەوە زانستییەکانیشدا ئەوە پشتڕاستکراوەتەوە، کە سەرچاوەی ئیلهامی ئایدیۆلۆژی ئەو دوو ئەزموونە (بەعس و کەمالیزم) فاشیزمە، بەڵام ئەگەر وردتر لێی بڕوانین ئیتر ئاشکرایە کە کەمالیزم سەرچاوەیەکی ئیلهامی زۆر گرنگ بووە بۆ حزبی بەعس وە هەندێک ئاراستەی دیکەی نەتەوەپەرستی لە جیهانی عەرەبیدا. . . دیارە شتێکی حاشاهەڵنەگرە کە کورد لە هەردوو ئەزموونەکەدا (هی بەعس لە سوریا و عێراق وە کەمالیزمیش لە تورکیا) قوربانی ژمارەیەکەی ئەو ئەندازیاری کۆمەڵایەتییە بووە، ئەنادزیارییێک کە لەسەر بنەمایەکی فیکری فاشیستی

دەخوازی دەوڵەت-نەتەوە ساز بدات، یا بە واتایەکی دیکە دەوڵەت-نەتەوە لەسەر بنەمای یەک خاک، یەک نەتەوە، یەک کەلتور و یەک زمان.

لەبەرامبەردا، ئەو شێوازەی کە من مەبەستمە لە باشترین و تەندروستترین شێوازی نەتەوەسازی، تەواو بە پێچەوانەی دوو ئەزموونەکەی بەعس و کەمالیزم، جەختکردنەوەیە لەسەر پێزانینی بوونی دژایەتییە کۆمەڵایەتی و کولتورییەکان لە پێناو بەرهەمهێنانی کۆیەک لەسەر بنەمای کۆمەڵێک بەها و ئاکار کە گرنگترینیان دیمۆکراسین: واتە نەتەوەسازی لە ڕێگای لەقاڵبدانەوەیەکی زهنی کۆمەڵگا لە ڕێگای **پاراستنی دیمۆکراتییانەی دژایەتییەکان**، نەک ئینکارکردن و بێدەنگکردنی ئەو دژایەتییانە. واتە دەرەنجام: نەتەوەسازی لەسەر بنەمای بوونی یەکبوونێکی تەندروست **لە ڕێگای ماناوەوە و بوونێکی دیمۆکراتییانەی دژایەتییەکان**. بەم مانایەش دەتوانین باس لە پارادایمێک بکەین کە پارادایمی **لیبرال-ناسیۆنالیسمە!**

دەربارەی بەشی دوایی پرسیارەکەت: نەتەوە بە مانا کەلتوری و سیاسییەکەی، دەکرێ زۆر بە ئاسانی وەڵامەکەتان دەست نەکەوێت.

وەڵامی پرسیاری ئەوەی ئایا کورد نەتەوەیەکی کەلتورییە یا کەلتوری و سیاسییە، زۆر جەدەل لەخۆی دەگرێ. زۆر جار لە گفتوگۆ ئەکادیمی و سیاسییەکاندا گومانێکی زۆر دەخرێتە سەر ئەوەی کە کورد لە ڕووی سیاسییەوە نەتەوە بێت. لە ڕاستیدا تەنانەت لە ڕووی کەلتوریشەوە دەکرێ ئەو گومانە بخرێتە ڕوو. بۆ نموونە زۆرێک لە شارەزایانی ڕۆژئاوایی باس لە "چەند دانەیەک" لە زمانی کوردی دەکەن نەک یەک زمان، واتە باس لە "زمانە کوردییەکان،" لە بری زاراوە کوردییەکان، دەکەن. بۆ ئەو بۆچوونەش زۆر بەڵگە و بەهانە دەخەنە ڕوو. تەنانەت لە کێشەی فرە-زاراوەییدا شارەزایەکی کورد (میهرداد ئیزەدی) لە سەرەتای ۱۹۹۰کان لە کتێبێکیدا (*The Kurds*) باس لە کێشەی زاراوەکان لە باشوری کوردستان دەکات و دەڵێت کێشەی جووت زاراوەیی لەو بەشەی کوردستان ئەوەندە جدییە کە تەنانەت پێشبینی دەکات، یا ڕاستتر بڵێین مەترسی ئەوە دەخاتە ڕوو، کە ئەگەر بێت و کێشەی دوو زاراوەیی ("سۆرانی و بادینی") لە باشور چارەسەر نەکرێ، ئەوا ئەو بەشەی کوردستان بەرەو حاڵەتی "بوون بە دوو گەل" هەنگاو دەنێت. . .

راستیەکەی ئەمڕۆ لە باشوری کوردستان لە بری خەبات بۆ یەککردنی زمانی کوردی و گرنگیدان بە پشتگیریکردنی ئاراستەی "**یەک زمانی ستاندارد**" ئەوا دەبینین دوو دانە "شۆڤینیزم لە جۆری دەمارگیریی زاراوەگەریی" بە توندی بوونی هەیە: یەکێکیان شۆڤینیزمی "بالادەستکردنی زاراوەی سۆرانی" وە ئەوی دیکەشیان بالادەستکردنی کورمانجی ژوورو (یا، کەم یا زۆر، بادینی). تەنانەت هەندێ بۆچوونی سەیر و سەمەرەش لەو جەدەلەدا سەری هەڵداوە وەک ئەوەی بیەوی بانگەشەی ئەوە بکات کە پیتی لاتینی داهێنانی ئەتاتورک و رژێمەکەیەتی و ئەو پیتانە هێمای داگیرکارێکی دڵڕەقن (واتە داگیرکاریی تورکیا) وە لەبەر ئەوەش نابێ لە نووسینی کوردیدا بەکاربهێنرێن، وە لە بری پیتی لاتینی دەبێ پیتی "ناسراو بە عەرەبی" بەکار بێن: وەک ئەوەی پیتی عەرەبی هێمای داگیرکار نەبێ و . . . هتد! لەم بارەیەوە دەمەوێ بە راشکاوی بڵێم: بۆ ئەوەی لەم جەدەلە وێرانکارە رزگارمان بێت، دەبێت بە دوو شێوازی دیکە لە کێشەکە نزیکببینەوە پێویستە یا ئەوەتا ١) لە هەمان کاتدا و بەبێ جیاوازی هەردوو ئەلفابێی لاتین و عەرەبی بە هی داگیرکار بزانین وە بونیادنراو لەسەر ئەوە بۆ شێوازێکی تەواو نوێ لە ئەلفابێ بگەڕێین. لە راستیدا بە پێی هەندێک بۆچوون ئەلفابێی عەرەبی نەک جارێک بەڵکو دوو جار هی داگیرکار بێت: یەکێکیان عەرەبی ئەوەی دیکەشیان "ئیسلامی"؛ ٢) یا ئەوەتا هەردوو ئەلفابێمان قەبوڵ بێ وە لەم قەبولکردنەشدا ئەلفابێ رزگار بکەین و دەرییان بهێنین لە "**ژێر سێبەری قورسی مێژووی خوێناوی و بەرجەستەبوونی دوژمناکارانەی هەڵوێستە ئایدیلۆژییەکان**،" کە تیایاندا ئەلفابێ ئامراز و هێما بوونە. بە واتایەکی دیکە، هەوڵدان بۆ قەبووڵکردنی ئەلفابێ وەک گەشەسەندنێکی کەلتوری و شارستانی دوور لە سێبەری قورسی ئایدیۆلۆژیا ق مێژووە خوێناوییەکە! (هەڵبەتە بە تەوازوعیشەوە ئەوەم وت، چونکە بە زەرورەت زمان تایبەتمەندیی ئەکادیمی من نییە: من دەکرێ لە زۆر رەهەندی دیکەوە باس لە ئەندازیاریی کۆمەڵایەتی نەتەوەسازی و نیشتمانسازی بکەم، بەڵام کە باس دێتە سەر زمان حەز دەکەم بەرێزەوە ئەم بووارە بۆ ئەو کەسانە جێ بێڵم کە بە راستیی لە نەسەقێکی زانستی و تەیبەتمەندیی ئەکادیمیدا زمانەوان و زمانناسن).

هەڵبەتە کاتێک ئێمە بەرەورووی پرسیارگەلێکی ئەوها دەبینەوە، دەبێ لە پێش هەر شتێکدا مشوری پێناسەی کەلتور بخۆین، واتە ئەم چەمکی کەلتورە، بەر لە هەر شتێک، چی لەخۆ دەگرێت خۆی و چیش دەکەوێتە دەرەوەی سنووری چەمکەکە. . . بە هەمان پێوەریش دەبێ ئەوە جوان روونبێتەوە ئایا کاتێک دەڵێین "نەتەوەی سیاسی" مەبەستمان لەو چەمکە ئاڵۆزە چییە، وە لە پێناسەی چەمکی "نەتەوەی سیاسی" کام مەدرەسە زالە: واتە لێرەدا کێشەی مێتۆدۆلۆژیشمان دێتە پێشێ. . . بۆ نموونە زۆرێک پێیان وایە ئێمە ئەو کاتە دەتوانین باس لە نەتەوەیەک وەک "**نەتەوەی سیاسی**" کە ئەو نەتەوەیە بە ئاشکرا دروشمی سەربەخۆیی بە تەواوەتی و بە دەوڵەتبوون هەڵگرتووە و بێ سێ و دوو خەبات بەرەو گەیشتن بەو ئامانجە دەکات.

—————————————————————

تێبینی: ببورە کە کات و تەندروستی هاوکارم نەبوون وەڵامی هەموو پرسیارەکانت بدەمەوە. . . بە هەر حاڵ، سوپاس بۆ ئەم دەرفەتە.

* بورهان أ. یاسین لە باشوری کوردستان لە ١٩٥٦ لە دایک بووە؛ ساڵی ١٩٨٣ لە سوید گیرساوەتەوە؛ ساڵی١٩٩٥ خوێندنی باڵای بە پلەی دکتۆرا لە زانکۆی (لوند)ی سویدی تەواو کردووە؛ لە ئێستادا وەک پرۆفیسۆری یاریدەدەر مامۆستایە – هەر لە زانکۆی لوند. *www.burhanyassin.com*